

گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.29 IssuCon2. 2025
ID No. 4419(PP 119-135)
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con2.8

توێژینەوە

# گاریگەری بازاڕکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجان لەشاری هەولێر(توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە)

**سەرکەوت ویسی کریم/** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**بەختیار حمید سعید/** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

بازاڕکردن وەک ئەرک وچالاکییەکی دامەزراوەکان بەشێوازی هەمەجۆر پیادە دەکرێت، لە ئێستادا کۆمپانیاکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە چالاکیی بازاڕکردن ئەنجامدەدەن. لەم سەردەمەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیادا، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجان لەشاری هەولێر داناوە، کە ئەم کاریگەرییانەش هەم دەتوانین بڵێین باش وهەمیش دەتوانین بڵێین نەرێنی وخراپن. پەیدابوونی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن دەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کردۆتە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لە پەخشکردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندیی نێوان بازاڕکردن وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەو زانینی ئاستی بەکارهێنانی بازاڕکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە گەنجان لەشاری هەولێر، سامپڵی توێژینەوەکەش گەنجان لەشاری هەولێر لە تەمەنە جیاجیاکانە، دابەشکردنی(300) فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی هەڕەمەکی چینی، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا کەرستەی ئاماری، کە بە سیستەمی "" SPSSناسراوە بەکارهاتووە. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە، لەلایەنە پراکتیکییەکەی و بەدەستهێنانی داتاو زانیاریی ورد وپێویست وگەیشتن بەکۆمەڵێك ئەنجام، توێژەران ڕێبازی(ڕووپێوی)یان بەکارهێناوە بەمەبەستی زانینی گاریکەری بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجان لەشاری هەولێر.

توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتووە، لەوانە: سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەن بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەرێکن لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجان لەشاری هەولێر، هەروەها پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان بازاڕکردن وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گرنگی ڕەواجدان و بەکەمترین ماوە و بەخەرجییەکی کەم زانیاری بڵاودەکەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕن لە بازاڕکردن لای گەنجان لەشاری هەولێر..

CORRESPONDENCE
بەختیار حمید سعید
Bakhtyar.saeed@su.edu.krd

بەرواری وەرگرتن 2025/06/14
بەرواری بڵاوکردنەوە 2025/08/20

وشە سەرەکییەکان:
گاریگەری
تۆڕی کۆمەڵایەتی
بازاڕکردن
ڕەفتاری کڕین
گەنجان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەكی**

لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردودا جیهان بەگشتی گۆڕانكاری گەورەی بەخۆیەوە بینی لەبوارەکانی تەكنەلۆلۆژیا، زانیاری و پەیوەندیكردندا، سەرئەنجام كەناڵ و ئامراز و تۆڕ و ئەپڵیكەیشنی جۆراوجۆر هاتنە كایەوە، كە بووە هۆی تەواوكاری لەسیمای میدیای نویێ بەهەردوو جۆرە سەرەكییەكەی، كە ئەوانیش میدیای(ئەلیكترۆنی وسەتەلایتی)ن، بازاڕكردن پرۆسەیەكی سەراپاگیرەوە هەر لەپلان ونەخشەكێشان بۆ بیرۆكە یاخود شمەك و خزمەتگوزارییەوە لەلایەن دامەزراوەو لایەنە قازانجویست وقازانجنەویستەكانەوە دەستپێدەكات و بەچەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، تاوەكو شمەک یاخود بیرۆكەو خزمەتگوزارییەكە دروستدەبێت و رەواجی پێدەدرێت و ساغدەكرێتەوە، دواتریش ڕۆڵی بازاڕكردن ناوەستێت و هەربەردەوام دەبێت.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانكردنی ڕادەو ئاستی ئەوكاریگەرییانەیە، كە بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی لەسەر هزرو ڕەفتاری كڕین لای گەنجانی شاری هەولێر دروستیكردووە. گرنگییەكی دیكەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتكردنە بەبواری میدیای كوردی. كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەگەنجان لەشاری هەولێر، سامپڵی توێژینەوەكەش گەنجانن لەشاری هەولێر، كە لە قۆناغە جیاجیاكانن، هەروەها دابەشكردنی(300) فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی هەڕەمەكی چینییە، توێژینەوەكە لە جۆری وەسفییە، هەروەها لایەنە پراكتیكییەكەی بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی وردو پێویست و گەیشتنە بەكۆمەڵێك ئەنجام.

**1- ڕەهەندو ڕێكارەكانی توێژینەوە**

**1-1- كێشەی توێژینەوە:**

دەكرێ كێشەی توێژینەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

أ. بازاڕكردن لەرێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە بووەتە هۆی ڕەفتاری كڕین لای گەنجان؟

ب. گەنجان گرنگی بەبازاڕكردنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانیان دەدەن؟

ج. ڕادەی بەكارهێنانی بازاڕكردنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان چەندە؟

د. گەنجان سوودیان لە بازاڕكردنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانیان بینیووە؟

ە. ئەو كاریگەرییانە چین، كە بازاڕكردن لەتۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر ژیانی گەنجان دروستیدەكات؟

**2-1- پرسیارەكانی توێژینەوە:**

پرسیارەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

أ. ئایا پەیوەندیی نێوان بازاڕكردن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان چۆنە؟

ب. ئایا تایبەتمەندییەكانی بازاڕكردن لەرێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە چین؟

ج. بەكارهێنانی بازاڕكردن لەتۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لای گەنجان لە چ ئاستێكدایە؟

د. ئایا گەنجان تا چ ئاستێک پشت بە بازاڕكردن لەرێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە دەبەستن؟

ە. ئایا بازاڕكردن لەتۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەری لەسەر ڕەفتاری كڕین لای گەنجان داناوە؟

**3-1- گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەم خاڵانەدا گەلاڵە دەبێ:

أ. دەستنیشانكردنی ڕادە و ئاستی ئەو كاریگەرییانەی، كە بازاڕكردن لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر هزرو ڕەفتاری كڕین لای گەنجان لەشاری هەولێر دروستكردووە.

ب. هەوڵێكە بۆئەوەی بزاندرێت تاچەند تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وەك ئامرازێكی بازاڕكردن لەلایەن گەنجان لەشاری هەولێرەوە بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەكانیان بەكاردەهێندرێت.

ج. گرنكییەكی دیكەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتكردنە بە بواری میدیای كوردی، بەتایبەت تاوەكو ئێستا توێژینەوەكی زانستی لەسەر بازاڕكردن لەتۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لای گەنجان ئەنجامنەدراوە.

**4-1- ئامانجەكانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

أ. دەرخستنی پەیوەندیی نێوان بازاڕكردن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

ب. زانینی تایبەتمەندییەکانی بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ج. دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان.

د. زانین و پیشاندانی ئاستی پشتبەستن و تێگەشتنی گەنجان لەڕۆڵی بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ه. زانینی کاریگەری بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجان.

و. دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستیکردووە لەسەر ژیانی تایبەتی گەنجان.

**1-5- میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەتوێژینەوەیەکی وەسفی هەژمار دەکرێت، کە تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە. ئەم میتودە گونجاوە بۆ ئەمجۆرە توێژینەوانە، کە هاوکارە بۆدیاریکردنی ئاست وجۆری ئەو کاریگەرییەی بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجان دروستیدەکات.

**1-6- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:**

گەنجانی شاری هەولێر نایندەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، هەربۆیە توێژەران سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستداریان هەڵبژاردووە بۆ(300)گەنج بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی(ڕەگەز-تەمەن– ئاستی زانستی- باری کۆمەڵایەتی – ئاستی ئابوری )

**1-7- بوارەکانی توێژینەوە:**

أ. بواری مرۆیی: توێژەران لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئەلیکترونی و کاغەز ئاراستەی لێتوێژانی کردووە کە لە گەنجانی شاری هەولێر پێکهاتوون.

ب. بواری کات: ٢٠٢٤/٢/١ تاوەکو ٢٠٢٤/٣/١ دەگرێتەوە.

ج. بواری شوێن: گەنجانی شاری هەولێر

**1-8- ئامرازی توێژینەوە**

توێژەران لەم توێژینەوەدا فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری پەیوەست بەئامانجی توێژینەوە.

**1-9- پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی:**

بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ڕوالەتی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، لەلایەن ژمارەیەك پسپۆری ئەکادیمی هەلسەنگێنراوە، دوای وەرگرتنەوەیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، چەندین گۆڕانکاری ئەنجامدراوە، هەروەها لەڕێگەی هاوکێشەی هولستییەوە، ڕادەی ڕاستیەکە دەرهێنراوە، کە بریتییە لە(3. 93%)، ئەمەش لەڕووی زانستیەوە بەرێژەیەکی پەسەندکراو دادەندرێت.

**1-10- ڕادەی جێگیریی:**

لەبارەی ڕادەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی، بەکارهێنانی پێوەری( ئەلفاکرۆنباخ) دەردەکەوێت، کە سەرجەم پرسیارەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بەهاکەی(0.908)ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیری فۆرمی ڕاپرسییەکەیە.

**1-11- ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە. کە بەیەکێك لە پڕ بایەخترین هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت. لەم پێناوەدا توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەرنامەی (Statistical Package For sacial Science)( SPSS)ی وەك کەرەستەیەکی پێشکەوتووی ئاماری بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بەدەرئەنجامەکان.

**2- چەمکەکانی توێژینەوە**

**2-1- کاریگەری(Effect):**

کاریگەری بریتییە لە پەیامی ڕاگەیاندن لە دەروونی وەرگر، هەرچەند وەرگر زۆرتر بەپیر پەیامەکەوە بچێت، ئەوەندە پەیامی ڕاگەیاندن کاریگەری خۆی نواندووەو پەیوەندیکار ئامانجی پەیوەندیەکەی هێناوەتەدی، ئێمە پەیوەندی دەکەین بۆ ئەوەی کاریگەریمان هەبێت، ئەگەر ئەوە نەهاتەدی، واتە کردەی پەیوەندییەکە سەرکەوتوو نەبووە، مەرج نیە ئامانجی پەیوەندی هزری یان ڕوناکبیری یان پەروەردەیی یان سیاسی بێت، دەشێ بەمەبەستی حەواندنەوەبێت، لێرەدا کاریگەری واتە بەپیرەوەچوونی وەرگر بۆێشەکە پێویستە بێتەدی. (ئیبراهیم 2014, 217)

**2-2- بازاڕکردن:**

بازاڕکردن ئەرکێکی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵێک پرۆسەیە بـۆ دروسـتکردن و پەیوەنـدیکردن و گەیانـدنی بەهـا بە کڕیـار، هەروەهـا بـۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا بەشێوەیەک، کە ببێتە مایەی قازانج بۆ دامەزراوەکەو هەموو ئەو کەسـانەی، کە سـوودمەندن لە شمەک و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکە. (Kotler 2012, 28)

**3-2 تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان:**

سیستمێکی ئەلیکترۆنییە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەدات لاپەڕەی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە، هەروەها ڕێگەیان پێدەدات، کە پەیوەندی دروستبکەن لەگەڵ ئەندامانی دیکەدا، کە لەچوارچێوەی هەمان گرنگیپێدانی یەکتردان لەڕێگەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنییەوە. (یاسین 2018, 25-26)

**4-2 گەنجان:**

دیارترین توێژی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەن، کە خاوەن هێزو بازووی بەپێزن و ناسراون بەکۆمەڵێك تایبەتمەندی دیمۆگرافی هەمەجۆر.(توێژەران)

**5-2 هەولێر:**

یەکێکە لە دیارترین پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق. پایتەختی هەرێمی کوردستانە، کە خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی لەڕووی جوگرافیاو دانیشتوان و ئابوری و ڕۆشنبیری و کلتورییەوە.(توێژەران)

**3- توێژینەوەکانی پێشوو:**

**1-3- توێژینەوەی بیان هشام عیسي یاسین 2018، الترويج باستخدام الشبكات الاجتماعية و اثرة على سلوك المستهلك الشرائي في محافظة الخليل- دراسة قطاع مستحضرات التجميل " الكوزمتكس" (ياسين، ٢٠١٨).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناسین و ئاشنابوونە بە کاریگەرییەکانی ڕەواجدان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسی بەکاربەری کڕیار لە پارێزگای(خەلیل)، توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی ئیستکشافی لە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنەکاندا بەکارهێناوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ(٢٠) کەسدا کردووە، کە خاوەنی فرۆشگەکانی کەرەستەی جوانکارین لە ناو پارێزگای(خەلیل)، کە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕەواج بە بەرهەمەکانیان دەدەن، پاشان فۆرمی ڕاپرسی بەسەر سامپڵێکی سادەی هەرەمەکیدا دابەشکردووە، کە لە(٤٠٠) کەس لەرەگەزی مێ پێکهاتوون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و چاودێری فرۆشگەکانی بەرهەمەکانی جوانکاری ناو شاری(خەلیل) دەکەن، لەڕووی ئامارییەوە به بەکارهێنانی پرۆگرامی ((SPSSشیکاریی بۆ زانیارییەکان کراوە.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەشتووە بریتییە لە: خاوەن فرۆشگەکانی کەرەستەکانی جوانکاری بۆ ڕەواجدان بە بەرهەمەکانیان و ناساندنیان بەخەڵکی ڕوو دەکەنە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن و زۆر بە خێرایی دەگەنە ژمارەیەکی زۆر لە بەکاربەران و ئەو توێژ و گروپانەی، کە کراونەتە ئامانج، کاریگەرییەکی زۆری ڕەواجدان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسی بەکاربەر هەیە، بەتایبەت بۆ قۆناغی هەستکردن بە پێویستی و قۆناغی گەڕان بە دوای زانیاریدا، کاریگەرییەکی مامناوەندیی ڕەواجدان هەیە لەڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر بەتایبەت لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی ئەلتەرناتیڤەکان وبڕیاری کڕین و ڕەفتاری دوای کرداری کڕینەکە.

**2-3- توێژینەوەی مضاء فيصل محمد الياسين ٢٠١٧، اثر استخدام مواقع التواصل الاجتماعي على السلوك الشرائي من خلال الكلمة المنطوقة الالكترونية- دراسة تطبيقية لقطاع الملابس في الأردن. (الياسين، ٢٠١٧).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناسین و ئاشنابوونە بەکاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتاری کەسی کڕیار لەڕێگەی وشەی گۆکراوی ئەلیکترۆنیەوە بەتایبەت لەکەرتی جلوبەرگ لە وڵاتی ئوردن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە پەیجەکانی تایبەت بە فرۆشتنی جل و بەرگ لە (ئوردن)، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(٣٩٦) کەس لە بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەو پەیجانەی، کە تایبەتن بەفرۆشتنی جلوبەرگ، توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە کۆکردنەوەی داتاکان لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسیەوە، توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە، هەروەها پرۆگرامی ئاماری((SPSS V.20ی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەشتووە بریتین لە: بوونی کاریگەرییەکی هێما ئاماری بۆسەرجەم ڕەهەندەکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (بوونی هۆشیاری بەرامبەر بە ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی وکارلێککردن

لەگەڵیدا) لەسەر ڕەفتاری کڕین لەڕێگەی وشەی گۆکراوی ئەلیکترۆنیەوە بە هەردوو ڕەهەندەکەیەوە(لەلایەن ناودارەکان و لەلایەن هاوڕێیانەوە)، بۆ کەرتی فرۆشتنی جلوبەرگ .

**3-3- Lauren Reiter 2015, Investigating the Role of Social Networking Sites in Increasing Purchase Intention for Environmentally Sustainable Apparel: An Exploratory Study. (Reiter, 2015).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەوەی، کە ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک میکانیزمێک نیازی کڕین زیاد دەکات بۆ جلوبەرگی(هاوڕێی ژینگە)، هەروەها لەوەش دەکۆڵێتەوەو دەریدەخات تایبەتمەندێتی بەکاربەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئایا جیاوازی ئەوتۆ هەیە لە زانیارییەکانی بەکاربەران سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکانی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ، کە کاریگەری هەبێت لەسەر خواستەکانیان لە جلوبەرگیی(هاوڕێی ژینگە). هەروەها ئەم توێژینەوە لێکۆڵینەوە دەکات لەبارەی ڕادەی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چۆن دەکرێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو میکانیزمێک بەکاربهێنرێن بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی بەردەم کڕینی جلوبەرگی(هاوڕێی ژینگە)، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی ئیستیکشافییە((exploratory Study)ڕاپرسیەك بەشێوەیەکی ئۆنلاین بە بەشداری(٧٨٣) کەس و بەسوود وەرگرتن لە شەش پێوەر ئەنجامدراوە، هەروەها پەیوەندی دوو گۆڕاو و ئانۆڤا و چەماوەی هەڕەمی بەکارهێنراوە بۆ تێگەیشتن لەوەی، کە ئایا کاریگەری کۆمەڵایەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پێکهاتەیەکی زیادە بۆ تیۆری دەنگدانەوە((TRA، پێشبینی زیادبوونی نیازی کڕین دەکات بۆ جلوبەرگی هاوڕێی ژینگە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن، کە ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێوانەی کەسیی زۆر کاریگەرنین لەسەر داوا و خواستی کڕیاران بۆ کڕینی جلوبەرگی هاوڕێی ژینگە، بەڵام دەکرێت وەکو ڕەهەندێک بەشداری بکەن لە تیۆری دەنگدانەوەدا( (TRAو زیادکردنی ئەگەرەکانی حەز و ئارەزووی کڕین.

**4- سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- ئەنجامدانی ڕێوشوێنەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی.

٢- سوود وەرگرتن بۆ دانانی پلانی بەشەکان و ڕێکخستنی توێژینەوەکە.

٣- بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشوو وەک سەرچاوەی زانستی لە بەشی تیۆری توێژینەوەکەدا.

٤- دروستکرنی فۆرمی ڕاپرسی، دارشتنی برگەکانی، ڕێکخستنی و بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.

٥- زانینی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو و ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەشتوون.

٦- ئاگاداربوون دەربارەی گرنگپێدانی توێژەرانی تر بەبابەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی بازاڕکردن لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەدا.

**5- لایەنی تیۆری توێژینەوە**

**5-1- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

**5-1-1- سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان**

داهێنانی تەکنەلۆژی نوێ لە بوارەکانی پەیوەندییە مرۆییەکاندا گۆڕانکاری زۆر گەورەی پێکهێناوە بەجۆرێک ئاڵوگۆڕی و گەشەی تەکنەلۆژی لە پەیوەندییەکاندا زیاتر لەبوارەکانی دیکە زانیاری مرۆڤایەتی گەشەی بەخۆیەوە بینیووە، نوێترین داهێنانە لە بواری گۆڕینەوەی زانیاریدا.

تۆڕی ئینتەرنێت بە لوتکەی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن دادەنرێت و زاراوەی ئینتەرنێت ئاماژەیە بە کۆمەڵێک ئامێری کۆمپیوتەری پێکەوە پەیوەندیدارو زانیارییەکان لەنێوان خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و دەیانگوازنەوە، ئینتەرنێت تۆڕێکی زۆر گەورەیە، کە دەتوانرێت لەڕێگەی هەزاران کەناڵی ئاسمانییەوە پەیوەندییان پێوە بکرێ، ئینتەرنێت بەجۆرێک بەربڵاوە، کە چەندین کۆمپیوتەری بەیەکەوە بەستراو لەم ڕێگەیەوە بەخێرایی لە بوارەکانی زانست، نۆژداری، ڕوناکبیری، کۆمەڵایەتی، ئابوری، میدیاو زانیاری ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت و ئینتەرنێت هۆکاری بەیەک بەستنە لەگشت لایەکی جیهان، بەجۆرێک دنیای بچووک کردۆتەوە، کردویەتی بەگوندێکی بچووک. (کەلاری 2013، 348)

وشەی ئینتەرنێت(Internet) لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان(Inter) بەمانای داخل بوون دێت(Net)یش بەمانای تۆڕ دێت، کە لە دەستەواژەی(International Net Work)، واتە تۆڕی زانیاری جیهانییەوە وەرگیراوە بە چەند ناوێکی دیکەش هاتووە، لەوانە (TheNet) تۆڕی جیهانی(The Web) تۆڕی جالجاڵۆکە. (غەریب 2015، 75)

دۆزینەوەی ئینتەرنێت و بڵاوبونەوەی لەڕووی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترونییەوە بەشێوەیەکی خێرا و فراوان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ڕۆژنامەو پیشەی ڕۆژنامەگەریدا بەرپاکردووە، بۆتە مایەی دەرکەوتنی جۆرێکی نوێی ڕۆژنامە، کە بە ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی یان ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ناسراوە، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ئەو ڕۆژنامەیە، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە وەک ڕۆژنامەیەکی چاپکراو لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، کە دەق و رەنگ و وێنەی جوڵاو لەخۆ دەگرێت، هەروەها فۆرمێک یان زیاتری هەیە لەهەمان ڕۆژنامەی کاغەزی یان کورتەیەک لە تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیە واتە میمبەرێکە بۆ رووبەرێکی فراوان بۆ ئازادی ڕادەربڕین و خزمەتگوزاری گەیاندن. (کەلاری 2013, 350)

کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە کۆتایی سەدەی بیست پێشکەوتنێکی خێرایان بەخۆیانەوە بینی، لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابوری، سیاسی، تەکنۆلۆجی بەتایبەتی لە بواری پەیوەندکردن و ڕاگەیاندندا، ئەمەش لەڕێگەی ئامێرو مانگی دەستکردو تۆڕە کۆمەڵاتییەکان، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە گواستنەوەی مەعریفەو زانیاریدا، ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیە وایکردووە، کە جیهان وەک گوندێکی بچوکی لێبێت، چونکە هەر بابەتێک یان ڕووداوێک لە هەر کۆمەڵگەیەک ڕوودەدات دەتوانرێت بەوێنەو ڤیدیۆ و دەنگ بگوازرێتەوە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان. (مستەفا 2017, 31)

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە بۆ ساڵی ١٩٩٥دەگەڕێتەوە کاتێک بۆ یەکەمجار پەیدابوو دواتریش لە ساڵی ١٩٩٧دا وێبسایتێکی دیکە بەناوی(www.classmates.com) دەرکەوت، ئەم ویبسایتە ڕێگە دەدات بەکۆمەڵێک کەس، کە ئەکاونت(www.sixdegrees.com) و لیستی هاوڕێیان بۆ پەیوەندیکردن بە یەکتری دروستبکەن، ئەم خزمەتگوزارییەی ئەم وێبسایتە لە ماوەی دوو ساڵدا بەشیوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد تا وایلێهات چەندین ملیۆن ئەندام ئەکاونتیان تێدا هەبیت، بەڵام ئەم خزمەتگوزاریە زۆری نەخایاند تەنها ٣ساڵ بەردەوام بوو تا لە ساڵی ٢٠٠٠داخرا. جگە لەمە هەوڵی دیکەی هاوشێوە هاتۆتە ئاراوە بۆ نموونە هەر لەگەڵ دروسکردنی ئەم خزمەتگوزاریەوە لە ماوەی ١٩٩٧-٢٠٠١چەندین وێبسایەتی دیکەش(sixdegrees.com) نێتورکینگە لەلایەن هەمان ئامانج ومەبەستی خزمەتگوزاری نێتۆرگینگ و ڕێگەدان بە بەکاربردنی بۆ دروسکردنی ئەکاونت و پرۆفایلی تایبەت بەخۆیان هاتنە ئاراوە بۆ نموونە وێبسایتەکانی (Blackplanet, Asianavenue and Migente) دیارترینیان بوون. لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا پیشەسازی دامەزراندنی وێبسایتی ئینتەرنێت یەک ئاراستەبوو چونکە تەنها خاوەن وێبسایتەکان بڕیاردەر بوون لەوەی چ جۆرە بابەتێک بڵاوبکەنەوە، واتە بەکارهێنەرانی وێبسایتەکان وەکو وەرگرێکی کوێربوون هیچ بەشدارییێکیان لە ناوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکاندا نەبوو، دوای ئەوە وردە وردە ئەوانەی پەرەیان بەئینتەرنێت دەدا توانییان ئەو لاپەڕانەی ئینتەرنێت بۆ ئەوە بەکاربێنن، کە بابەت بنێردرێ یان وەربگیرێ لەهەمان کاتدا، نەک هەر ڕۆڵی بنەڕەتییەکەی، کە وەکو وەرگرێکی کوێربوو سەرەتا ئەمە بەپۆستی ئەلیکترۆنی دەستییپێکرد پاشان قسەو گفتوگۆکردن ئینجا مەکۆکانی بیرۆڕا گوڕینەوەو دوای ئەوانەش ئەپلیکەیشنە ئەلیکترۆنییە نوێیەکانی وەکو(ویـکیپـیدیـا)، پەیدابوو. ئەم بازدانە لە گۆڕینی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ لاپەرەکانی ئینتەرنێت بووە سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی، کە بە ئەپلیکەیشنەکانی(وێـب) بناسرێ. (کاکەشێخ 2015, 30)

### 2-1-5- تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

أ. ئاسانی بەکارهێنان: جۆرەکانی تۆڕە گواستراوەکان بەرەوپێشچوونێکی زۆریان بەخۆیەوە بینی بە جۆرێک دەتوانریت، کە زۆر بەئاسانی بەکاربهینرێت ،ئەمە لەکاتێکدایە پێویستیەکی کەمی دەوێت لە زانیاری و کەمی تێچوون لەکاتی هەڵسان بە بڵاوکردنەوەی وەک شتێک یان کاتێک بە پێچەوانەوە لاپەرەکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی، کە ئەمەیان پێویستی بە وەیە، کە بەرزکەرەوەی تایبەت و چەند شتێکی تایبەتیان دەوێت وەک: هۆنەری نووسین و هونەری وێنەگرتن ...هتد.

ب. لێکچوون لەکاتی دەربڕین: ئەمە لەکاتێکدایە، کە کاتی گەنجەکان لە زۆرێک لە چالاکیە داهێنانەکان هاوبەشن لە سایتە گوێزراوەکان وەک: نووسین، دەرخستنی تواناکان، بەشداریکردن لە کاری خێرخوازی ....هتد، کە بۆتە پێوستی گرنگ لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا.

ج. تێپەڕاندنی بەربەستەکان: توانرا، کە بەربەستی ناردنی نامە و زانیارییەکان بشکێنرێت وەک وەڵام دانەوەیەک بۆ زاڵ بوون و کۆنترۆڵکردنی تەواو لەسەر دەسەڵاتی لایەنەکانی ڕاگەیاندن لە کاتێکدا، کە ڕێگە نەدەدرا بە بڵاوکردنەوە یان پیشاندانی هەریەک لە ڕاگەیاندنی سنووردارو نەگۆڕ، هەروەها کاریگەری هەبوو لەسەر بینینی ڕۆڵی گەنج، چونکە دەرفەتی پێدانی لە بەشداریکردنی بیرۆکەکە دەبووە هۆی زاڵبوون بەسەر لایەنی جوگرافی و چاودێریکردنی ئامێرەکانی پاراستن. (غەریب 2015, 167)

د. ئازادی لە زانیارییەکان: ئەم جۆرە تۆڕە زانیاریانە بەردەستن بەشێوەیەکی گەورە کار لە رووی زانیارییەکانی دەکات بە گوێرەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی جیاوازی وەک(وێنە- ڤیدیۆ- مۆسیقا -دەنگ)، وا دەکات لە بەشداریکردنی خێرا لەگواستنەوەو پێدانی زانیاری بە شێوەیەکی خێراو چرکە لە دوای چرکە.

هـ. ئامرازی ڕاگەیاندنی شوێن گرەوە : ئەم جۆرەیان ڕۆڵیان بینیوە لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووداوەکانی سیاسی، کە جیهان پێیدا تێپەڕی لە رووی ڕاگەیاندن ، هەر یەک لە جەنگەکان و بارۆدوخی ناسەقامگیری لە ژینگەی عەرەبی و دروستبوونی نیزامی سیاسی ڕاگەیاندنی جیاوازی و دروستبوونی ئازادی، کە هەموو ئەوانەی کرد بکەوێتە دوای یاساکانی نوێ، لەسەر ئاستی سیاسی گەنجانی عەرەبی هەڵسان بە دۆزینەوەی ڕێگەی پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە وایلێکردن لە بەشداریکردن لە گۆڕانکارییە نوێییەکان و خۆیبینێت بەشێوەییەکی گەورە بەتایبەت لەکاتی ڕاپەرینە گەورەکەی میسر، کە چەندین گۆڕانکاری و نوێ کاری هێنایە کایەوە بەشێوەییەکی بەردەوام و چارەسەرەی کێشەکان بەشێوەیەکی خێرا. (المعطي 2015, 83)

## 6- بازاڕکردن

### 6-1- چەمک و پێناسەی بازاڕکردن:

چەمکی بازاڕکردن فەلسەفەی بەڕێوەبردنی جموجۆڵە مارکێتینگیەکانە، کە پشتدەبەستێت بە ئامانجی ڕێکخراوەیی لە دیاریکردنی پێداویستییەکان و خواستەکانی بازاڕ، پاشان بەدیهێنانی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بازاڕە بەشێوەیەکی زۆر چالاک و بەشێوەیەکی لێهاتوو بەراورد بە کێبڕکێکارەکانیتر. (شكري 2020, 57)

مارکێتینگ بریتییە لە کۆمەڵێک جموجۆڵ و کاری تەواوکاری، کە پشتدەبەستێت بە بەڕێوەبردنی تایبەتمەند لە دامەزراوەدا، کە هەوڵی دەستەبەرکردنی کەلوپەل یان خزمەتگوزاری یان بیرۆکە دەدات بۆ بەکاربەری ئێستا و ئەو بەکاربەرانەی، کە لەداهاتووی نزیکدا دەستەبەردەبن، تاوەکو بە بڕو کواڵێتی خوازراو لەکات و شوێنی گونجاودا و بەکەمترین تێچوو و بەئاسانترین ڕێگە بەدەستبێت، ئەمەش بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی بەرهەمهێناندا. (الشيخ 2008, 8)

کۆمەڵەی مارکێتینگی ئەمریکی(American Marketing Association) لە پێناسەیەکی تردا بۆ مارکێتینگ ئاماژەی بەوەداوە کە: "مارکێتینگ بریتییە لە پرۆسەی نەخشەکێشان و بەڕێوەبردنی نرخدانان و ڕەواجدان و دابەشکردنی شمەک و خزمەتگوزاری و بیرۆکە، بەمەبەستی بەدیهێنانی خواستی بەکاربەر و ئامانجی کۆمپانیا". (المؤزن 2008, 27)

پەیمانگەی مارکێتینگی بەریتانی (UK Chartered Institute of Marketing): "مارکێتینگ پرۆسەی بەڕێوەبردنە، کە لەڕێگەیەوە پێداویستییەکانی بەکاربەر پێشبینی بۆ دەکرێت و دیاریدەکرێت و بەدیدەهێنرێت بەشێوەیەکی کارامەو قازانج ویستانە". ( Blythe 2005, 2)

### 6-2- گرنگی بازاڕکردن:

مارکێتینگ پێگەیەکی دیاری لە ژیانی ئابوریدا هەیەو جموجۆڵێکی داهێنەرانەیە. (آخرون 2017, 34)

مارکێتینگ گرنگی هەیە بۆ تەواوی دامەزراوەکان جا قازانج ویستبن یاخود قازانج نەویست، هەروەها مارکێتینگ سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و خۆشگوزەرانی بەدیدەهێنێت. (الشيخ 2008, 31)

بەشێوەیەکی گشتی مارکێتینگ گرنگییەکی سەرتاپاگیر وبەرفراوانی بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە، بەجۆرێک زۆرینەی سەرچاوەکان گرنگی مارکێتینگیان کۆکردۆتەوەو پۆلێنیانکردووەو پوختیانکردووە لە دوو ئاستدا، بەم شێوەیە:

یەکەم: گرنگی مارکێتینگ بۆ تاک و کۆمەڵگە، گرنگی مارکێتینگ لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

أ. هاوکاری بەکاربەر دەکات لە بڕیاردانی دروست بۆ کڕینی شمەک و پێداویستییەکان، چونکە بەهۆی ڕەواجدانەوە بەکاربەر زانیاری متمانەپێکراو بەدەستدەهێنێت، بەمجۆرە مارکێتینگ ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی بەکاربەر.

ب. زامنی بەرهەمهێنانی شمەک و خزمەتگوزارییەکان دەکات بۆ بەکاربەر و کەرتەکانی بازاڕ، کرپار پێداویستی زۆری هەیەو پڕکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی مارکێتینگ. مارکێتینگ هاوسەنگی لە نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردندا بەدیدەهێنێت.

ج. هاوکارە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاکەکان و خۆشگوزەرانی ئابوری. (آخرون 2017, 35-37)

د. مارکێتینگ هاریکاردەبێت لەباشترکردنی چۆنێتی ژیان، چونکە داخوازی و خواستەکانی بەکاربەر لە بەرچاودەگرێت. (القريوتي 2009, 23)

هـ. بەها بۆ بەکاربەر بەدیدەهێنێت لەبەرامبەر ئەو پارەیەی، کە خەرجیدەکات لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی.

و. کار بۆ چارەسەری کێشەکانی بەکاربەر دەکات، هەروەها ئاڕاستەی بەکاربەر دەکات بۆ بەرهەمی جێگرەوە. (آخرون 2017, 35-36)

ز. چەندین پیشە و هەلیکار دروست دەکات لە بوارە جیاوازەکاندا وەکو: فرۆشتنی کەسی، ڕیکلام، گواستنەوە، هەڵگرتن، توێژینەوەکانی مارکێتینگ، پەرەپێدانی بەرهەمەکان، بازرگانیی کۆو تاک، هەروەها ئەو تاکانەی، کە کار ئەنجامدەدەن لەو دامەزراوانەی، کە قازانج نەویستن و پیادەی جموجۆڵی مارکێتینگی جۆراوجۆر دەکەن. (سویدان 2009, 44)

ح. کار بۆ بوژاندنەوەی بازرگانیی ناوخۆیی و دەرەکی دەکات، جوڵەو جوڵەی دوولایەنە ئاسانتر دەکات، هاریکارە لە گەشەکردنی ئابوری و سەقامگیری ئابووری بە بێ بەفیڕۆدان، سەرکەوتنی هەر سیستمێکی ئابوری وەستاوە لەسەر ئاستی سەرکەوتنی دامەزراوە جۆراوجۆرەکان.

ط. پردی پەیوەندی نێوان ئیدارەی دامەزراوەو کۆمەڵگەیە لەڕێگەی ئەو بازاڕەی لەنێوانیاندایە، مارکێتینگ لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدات بۆ ئەوەی بزانێت کۆمەڵگە چی پێویستە لەڕووی شمەک و خزمەتگوزارییەوە. (آخرون 2017, 35-37)

ی. مارکێتینگ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکانەوە توانیویەتی ئاستەنگە جیهانییەکان تێپەڕێنێت و هانی گەشەی ئابوریی جیهانی دەدات و بەهێزی دەکات. (سویدان 2009, 45)

دووەم: گرنگی مارکێتینگ بۆ دامەزراوەکان

مارکێتینگ چەندین سوود و گرنگی بۆ دامەزراوەکان هەیە:

أ. دەبێتە هۆی فراوانبوون و مانەوەو بەردەوامبوونی دامەزراوە لە بازاڕدا، لە ڕێگەی هاریکاریکردن لە فرۆشتنی بەرهەمەکان.

ب. زانیاری و لێکۆڵینەوەی پێویست سەبارەت بەو شمەک و خزمەتگوزارییانەی، کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی دەخاتە بەردەم سەرجەم کارگێڕییە جیاوازەکانی دامەزراوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانە دەتوانێت سیاسەتی خۆی دابڕێژێت و بڕی پێویستی بەرهەم هێنان و ئاستی کوالێتی و دیزاینی ویستراو و کاتەکانی خستنەڕوو لەگەڵ نرخەکان دیاری بکات. (المؤزن 2008, 42)

زامنی دادپەروەری دەکات لە دابەشکردنی بەرهەمەکانداو لێهاتوویی جموجۆڵی گواستنەوەو پاراستنی ماددەکان بەرزدەکاتەوە بەهۆیەوە ڕێگری دەکات لە خراپبوونی بەرهەمەکان. (آخرون 2017, 37)

ج. درووستکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ دامەزراوە بەمەبەستی سەرپێخستن و برەودان بە سوڕی ئابوری، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەدواداچون بۆ کەرەستەی خاو و فرۆشتنی و دامەزراندنی کارمەندان و ...تادوایی. (القريوتي 2009, 23)

د. مارکێتینگ شوێن و پێگەی دامەزراوە لەناو بازاڕدا دیاریدەکات.

هـ . لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە لە توانا ماددی و مرۆییەکانی دامەزراوە و شێوازی پەیوەندیی و ڕێکخستنەکانی ناوخۆی دامەزراوە دەکات.

و. لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە بۆ بازاڕو سروشتی ڕکابەریی و بارودۆخی ئابوری وکۆمەڵایەتی و یاسایی وڵات دەکات. (ساعد 2018, 54)

ط. تەواوی میکانیزمەکان دەخاتە گەڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دامەزراوە. (الشيخ 2008, 31)

بەم جۆرە دەربارەی گرنگی مارکێتینگ بۆ دامەزراوە، توێژەر دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات دامەزراوەکان ناتوانن بەردەوام بن و کارەکانیان جیبەجێ بکەن، بە بێ پیادەکردن و تێگەشتن لە کردەی مارکێتینگی، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا.

٣. ئامانجەکانی مارکێتینگ: شارەزایانی مارکێتینگ چەند ئامانجێکیان دیاریکردووە، کە مارکێتینگ هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، شارەزاکان جیاوازییەکی کەمیان هەیە لەبارەی دیاریکردنی جۆرو ژمارەی ئەو ئامانجانەوە، دەتوانین ئامانجەکان لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

أ. قازانج: مارکێتینگ بڕی داهاتی چاوەڕوانکراو ڕێکدەخات بەپێی ستراتیجی دیاریکراو، ئەو بازرگانی یاخود ئەو کارانەی، کە لەڕووی داراییەوە قازانجبەخش نین لەوە دەچێت سەرنەکەون و دوچاری تەنگ و چەڵەمە ببنەوە یاخود لەکۆتاییدا دەرگاکانیان دابخەن، مارکێتینگ لە ڕێگەی بەرزکرنەوەی فرۆش و ڕێکخستنی نرخەکان و ئەندازەگیری بۆ خواست و تێچووەکان قازانج زیاد دەکات. (آخرون 2017, 220-221)

ب. زیادکردنی فرۆش: زیادکردنی فرۆش یەکێکە لە ئامانجەکانی مارکێتینگ لە دامەزراوە قازانجویستەکاندا، پێویستە بەهای فرۆشەکان لەتێچووی مارکێتینگ زیاتر بێت. چالاکییەکانی مارکێتینگی ئامانج لێی فراوانکردنی بازاڕی فرۆشتن و ساغکردنەوەی شمەک و خزمەتگوزارییەکانە. (عەلی 2016, 23)

ج. زیادکردنی پشکی بازار: دامەزراوە هەوڵی زیادکردنی پشکی خۆی لەبازاڕ دەدات لەڕێگەی جێبەجێکردنی ستراتیجی تێچووی کەم بۆ بەدیهێنانی قازانجی گەورە، دامەزراوە بەراوردی خۆی لەگەڵ کێبڕکێکارانی دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوان پشکی خۆی

لەبازاڕدا زیاد دەكات، هەروەها تەواوی تێكەڵەی ماركێتینگ لە بەرچاو دەگرێت بۆ خۆپاراستن لەو مەترسییانەی، كە كێبڕكێ دروستی دەكات.

د. مانەوەو گەشەكردن: دامەزراوە لە بازاڕێكدا كاردەكات، كە كێبڕكێ و گۆڕانكاری بەرچاوی تێدایە لە خواست و پێداویستییەكانی بەكاربەر، دامەزراوە بەهای زیاتر دەبەخشێت، هەوڵی مانەوەی خۆیدەدات لە قۆناغی داكشانی ئابوریشدا، گەشەكردن ئامانجێكی ستراتیجیە، كە یارمەتی دامەزراوە دەدات بۆ ئەوەی پێگەی خۆی باشتر بكات بەرامبەر كێبڕكێكارانی. (آخرون 2017, 220-221)

هـ . ئیدارەدانی بەردەوام بۆ ماركەی بازرگانی: ئەم ئامانجەی ماركێتینگ جەختكردنەوەیە لە پارێزگاریكردن لەناوی دامەزراوە لە مێشكی بەكاربەر و ئەوانەی كراونەتە ئامانج، ئەمەش پێویستی بە كۆششی گەورە هەیە بۆ پارێزگاریكردن لە ماركەی بازرگانی و هێشتنەوەی لەپلەی پێشەنگدا، ماركەی بازرگانی هانی خەڵك دەدات بەرهەمەكان بكڕن وایان لێدەكات دڵسۆزی دامەزراوە بن، بەمەبەستی هێشتنەوەی ماركەی بازرگانی لە پێشەنگدا دامەزراوە لێكۆڵینەوە لە پێداویستی و حەز و ئارەزووی كڕیار دەكات، (خاطر، ٢٠١٩) ماركێتینگ هۆشیاری گشتی بەرامبەر ماركەی بازرگانی زیاد دەكات. (نصير 2005, 100)

و. ڕێبەرایەتیكردنی كواڵێتی بەرهەم: دامەزراوە كار دەكات بۆ ڕێبەرایەتیكردنی كواڵێتی بەرهەم، بەدەستهێنانی بەرزترین كواڵێتی بۆ بەرهەمەكانی پێویستی بە تێچووی زۆر هەیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەو پەرەپێدان، دەستی كاری لێهاتوو و پرۆسەی بەرهەمهێنان، دواتر نرخی زۆر بەرز لەسەر بەرهەمەكە دادەنرێت، ئەوەش گونجاوە لەگەڵ سروشتی بەرهەمهێنانەكەیدا. (آخرون 2017, 221)

ط. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی كڕیارو مامەڵەكاران: ماركێتینگ ئامانجی ڕازیكردنی كڕیار و مامەڵەكارانە بەرامبەر بەو بەرهەمانەی پێشكەشی دەكات، لەڕێگەی تێركردنی پێداویستی و خواستەكانی بەكارهێنان ئامانجەكە بەدیدەهێنێت.

ز. گەشەپێدانی چۆنێتی ژیان: ئامانجی ماركێتینگ درێژدەبێتەوە بۆ گەشەپێدان وباشتركردنی جۆرێتی و چۆنێتی ژیان لە كۆمەڵگەدا، ئەمەش لەڕێگەی گەشەپێدانی هەڵسوكەوتی تاكەكانی كۆمەڵگە و كاركردن بۆ گۆڕینی ئاراستەو بۆچوونەكانیان دەربارەی پرسە كۆمەڵایەتییەكان، هەروەها لەڕێگەی باشتركردنی ئەو بەرهەمانەی پێشكەشی دەكات، سەرباری بەدیهێنانی هاوسەنگی ژینگەیی. (غنيم 2005, 37)

زانایانی زانستی ماركێتینگ جەخت لەوە دەكەنەوە، كە ئامانجی كۆتایی ماركێتینگ بریتییە لە دەستەبەركردنی كواڵێتی لەژیاندا. (حجازي 2005, 37)

## 7- لایەنی مەیدانی توێژینەوە

لێرەدا لەڕێگەی ئەنجامە ئامارییە دەستكەوتووەكان، لایەنی دیمۆگرافی لێتوێژراوان و پاڵنەرو كاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەكانی گاریكەری بازاڕكردن لەتۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر ڕەفتاری كڕین لای گەنجان لەشاری هەولێر دەخەینەڕوو.

خشتەی (1) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەكە دەردەخات

| ڕەگەز | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | 171 | %57 |
| مێ | 129 | %43 |
| كۆی گشتی | 300 | %100 |

بەپێی ئەم خشتەیە ڕەگەزی نێر بەڕێژەی(57%)، لە پلەی یەكەمدایە، هەرچی ڕەگەزی مێیە بەڕێژەی(43%) لەپلەی دووەمدایە. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، كە ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە سامپڵی توێژینەوەكەدا زیاترە لەڕەگەزی مێ.

خشتەی (2) تەمەنی سامپڵی توێژینەوەكە دەردەخات

| تەمەن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 22-18 | 106 | %35.3 |
| 27-23 | 104 | %34.6 |
| 32-28 | 72 | %24 |
| 37-33 | 18 | %6 |
| كۆی گشتی | 300 | %100 |

لەم خشتەیەدا دەردەكەوێت، كە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەكە تەمەنیان لەنێوان(18-22)ساڵیدایە بەڕێژەی(35.3%)، و پلەی

یەکەمی وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(23-27)، ساڵیدایە بەرێژەی(34.6%)، لەپلەی دووەمدانە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(28-32)، ساڵیدایە بەرێژەی(24%)، پلەی سێیەم پێکدەهێنن، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(33-37)، ساڵیدایە بەرێژەی(6%)، لەپلەی چوارەمدانە. بەم پێیە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە توێژی گەنجان پێکدێت، کە تەمەنیان لەنێوان(18-22) و(23-27)، ساڵیدایە. سروشتی ئەم تەمەنەش وایە حەز بەگۆڕانکاری و گرنگیدان بە مۆدێل دەدەن و ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردستانی بەتایبەت شارە گەورەکان بەکۆمەڵگەیەکی گەنج هەژمار بکرێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن، ئەم تەمەنەش لە هەرەتی پێگەیشتویی و لێهاتوییدایە بۆیە ڕێژەکەی لە هەموویان زێدەترە، لەڕووی مەیدانیشەوە بایەخی زانینی تەمەنی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە بێگومان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەچەندین توێژو دەستە تەمەنی جیاواز پێکدێت، بۆئەوەی قەبارەی سامپڵەکە لەڕووی کردارییەوە گوزارشتێکی دروست لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات.

خشتەی (3) بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| بڕوانامە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| ئامادەیی | 72 | %24 | سێیەم |
| دیپلۆم | 94 | %31.3 | دووەم |
| بەکالۆریۆس | 109 | %36.3 | یەکەم |
| ماستەر | 18 | %6 | چوارەم |
| دکتۆرا | 7 | %2.3 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

بەپێی ئەم خشتەیە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ئەوانن، کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە بەرێژەی(36.3)، کە لەپلەی یەکەم دێن، هەروەها ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دیپلۆمن بەرێژەی(31.3%)، پلەی دووەمیان گرتووە. ئەوانەش، کە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین بەرێژەی (24%)، لەپلەی سێیەمدانە، هەروەها خاوەن بڕوانامەی ماستەر بەرێژەی(6%)، لەپلەی چوارەمدانە و ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دکتۆراش بەرێژەی(2.3%)، لەپلەی پێنجەمدان، ئەو ڕێژانە بۆمان دەردەخات، کە زیاتر ئەم چین و توێژانەی فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دیپلۆمن و لەپێشەوەی ئاستەکانی دیکەی خوێندن دێن، لەڕووی بەکارهێنان و گرنگیدان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە خاوەن بڕوانامە باڵاکان کەمتر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، بەراورد بە خاوەن بڕوانامەکانی دیکە، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵبوون بەخوێندن و بەرپرسیارەتییە ئەکادیمی وکۆمەڵایەتیەکانەوە، کە لەم قۆناغەدا چڕتر دەبێتەوە. سامپڵی توێژینەوەکە گوزارشتێکی باش لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، چونکە هەموو ئاستەکانی خوێندەواری بەرێژەی گونجاو لەخۆدەگرێت.

خشتەی (4) باری کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| بڕوانامە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| سەڵت | 121 | %40.3 | دووەم |
| خێزاندار | 173 | %57.6 | یەکەم |
| جیابوونەوە | 6 | %2 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت لەکۆی گشتی بەرتوێژاندا باری کۆمەڵایەتی خێزاندار بە(173)یەکەوە بەرێژەی(57.6%) هاتووە، خێزاندار زیاتر لەنیوەی سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنێت، لەکاتێکدا سەڵت بە(121)یەکەوە بەرێژەی(40.3%)، لەپلەی دووەم هاتووە، کەچی جیابوونەوە(6)یەکەیەو بەرێژەی(2%) لەپلەی سێیەمدا هاتووە، کەواتە زۆربەی دەستنیشانکراوانی توێژینەوەکە خێزاندارن ئەمەش ئاساییە، چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوە تەمەنیان لەنێوان(18-37) ساڵە زۆربەی هاوڵاتییان لەم تەمەنەدا هاوسەرگیریان کردووە، ئەنجامەکان بەڕوونی ئەوە دەخاتەڕوو، کە کەسی خێزاندار چ ڕەگەزی نێر یان ڕەگەزی مێ بێت، ڕادەی سەیرکردن و گرنگیدانی بە بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زیاترە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە پێداویستیەکانی خێزان و کەسی خێزاندار زیاترە بەراورد لەگەڵ کەسی سەڵت، سەرەڕای بوونی بەرپرسیاریتی خێزانی، بۆیە باری خێزانیی ڕێگر نەبووە لەبەردەم کارکردنیان، بەڵکو حەزو ئارەزوو و ئازادییان وایکردووە گرنگی بە بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە بدەن.

خشتەی (5) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | 198 | %66 | یەکەم |
| تاڕادەیەک | 47 | %15.6 | سێیەم |
| کەم | 55 | %18.3 | دووەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەویت زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە، بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، کە بەڕێژەی(66%)، بەدووبارەبوونەوەی(198)، لەپلەی یەکەمدا دێن، هەروەها بەڕێژەی(18.3%)، بەدووبارەبوونەوەی(55) سامپڵی توێژینەوە بەڕێژەیەکی کەم بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵاتییەکانن، کە لەپلەی دووەم دێت، تاڕادەیەک بەڕێژەی(15.6%)، بەدووبارەبوونەوەی(47)، لەپلەی سێیەم دێت. لە ئەنجامی ئەم خشتەیە ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی گەنجانی شاری هەولێر بەڕێژەیەکی زۆر بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵاتییەکانن، لەبەرئەوەی لەئێستادا فەیسبووک زۆرترین ڕۆڵی هەیە بە بەراورد لەگەڵ پلاتفۆرمەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، هاوکات بەهۆی هەندێک تایبەتمەندییەکانی وەکو ئاسانی بەکارهێنان و بەردەستی ئامێری زیرەک، تا دێت بەکارهێنانی ڕوو لەزیادبوون دەکات بەتایبەت لەنێو چینی گەنجان.

خشتەی (6) ڕادەی بازاڕکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | 83 | %27.6 | دووەم |
| مامناوەند | 163 | %54.3 | یەکەم |
| کەم | 54 | %18 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە زیاتر لەنیوەی بەرتوێژان، کە ڕێژەیان(54.3%)، و بە پلەی یەکەم دێن لە ئاستێکی مامناوەندا بازاڕکردنی ئەلیکترۆنیی بەکاردەهێنن، پاشان لە پلەی دووەمدا ئەو بەرتوێژانە دێن، کە ڕێژەیان(27.6%)، و ئاماژەیان بەوە کردووە بەڕادەیەکی زۆر بازاڕکردنی ئەلیکترۆنیی بەکاردەهێنن، هەروەها لە پلەی سێیەم و کۆتاییشدا ڕێژەی بەرتوێژان(18%)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بەڕادەیەکی کەم بازاڕکردنی ئەلیکترۆنیی بەکاردەهێنن، بەگشتی ئەنجامەکە ئەوە دەردەخات، کە گەنجان گرنگی بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنیی دەدەن.

خشتەی (7) ئەمە ڕووندەکاتەوە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کواڵێتی شمەک و خزمەتگوزارییەکان پیشانی بەکاربەر دەدات

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 82 | %27.3 | دووەم | 0.868 | 4.10 |
| هاوڕام | 148 | %49.3 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 29 | %9.6 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 27 | %9 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 14 | %4.6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی148، ڕێژەی(49.3%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 82و ڕێژەی(27.3%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی 29 و ڕێژەی( 9.6%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە27و ڕێژەی( 9%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی 14و ڕێژەی(4.6%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(4.10 )، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە( 0.868 )، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم برگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 148و ڕێژەی(49.3%)یە ئەو ڕێژەیە ئاستی بەرزە و نزیکەی نیوەی سامپڵی توێژینەوە

پێکدەهێنێت ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کواڵێتی شمەک و خزمەتگوزارییەکان پیشانی بەکاربەر دەدات.

خشتەی (8) هەوڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستکردنی متمانە بە شمەک و خزمەتگوزارییەکان دەخاتەڕوو

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 107 | %35.6 | دووەم | 0.805 | 2.60 |
| هاوڕام | 113 | %37.6 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 26 | %8.6 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 36 | %12 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 18 | %6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی113و ڕێژەی(37.6%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 107و ڕێژەی(35.6%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی 26 و ڕێژەی(8.6%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە36و ڕێژەی( 12%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی 18و ڕێژەی(6%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(2.60 )، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.805)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 113و ڕێژەی(37.6%)یە ئەو ڕێژەیە ئاستی ماماوەندەو نزیکە لە ئاستی بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 107و ڕێژەی(35.6%)، کە نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنن، واتە زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی دروستکردنی متمانە بە شمەک و خزمەتگوزارییەکان دەدات.

خشتەی (9) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەیەکی هزریی شمەک و خزمەتگوزاریی لای بەکاربەر دروستدەکات ڕووندەکاتەوە

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 93 | %31 | دووەم | 0.861 | 3.26 |
| هاوڕام | 109 | %36.3 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 38 | %12.6 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 33 | %11 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 27 | %9 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی109و ڕێژەی(36.3%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 93 و ڕێژەی(31%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی 38 و ڕێژەی(12.6%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە33و ڕێژەی( 11%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی 27و ڕێژەی(9%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.26)، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.861)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 109و ڕێژەی(36.3%)یە ئەو ڕێژەیە ئاستی ماماوەندەو نزیکە لە ئاستی بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی 93و ڕێژەی(31%) نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنن، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزو خاڵێکی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەمە دەرخەری ئەوەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەیەکی هزریی شمەک و خزمەتگوزاریی لای بەکاربەر دروستدەکات.

خشتەی (10) ئەمە دەخاتەڕوو، کە زیادکردنی ئاگایی دەربارەی شمەک و خزمەتگوزارییەکان ئامانجێکی زۆر گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 103 | %34.3 | دووەم | 0.845 | 3.73 |
| هاوڕام | 104 | %34.6 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 45 | %15 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 34 | %11.3 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 14 | %4.6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(104)و ڕێژەی(34.6%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(103)و ڕێژەی(34.3%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی(45)و ڕێژەی(15%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە(34)و ڕێژەی( 11.3%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی(14)و ڕێژەی(4.6%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.73)، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.845)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی (104)و ڕێژەی(34.6%)یە ئەو ڕێژەیە زۆر نزیکە لە ئاستی بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(103)و ڕێژەی(34.3%)، نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنن، ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە زیادکردنی ئاگایی دەربارەی شمەک و خزمەتگوزارییەکان ئامانجێکی زۆر گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

خشتەی (11)ئەمە ڕووندەکاتەوە، کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی دەربارەی شمەک و خزمەتگوزارییەکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەرجی کەمی پێویستە

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 101 | %33.6 | دووەم | 0.911 | 3.02 |
| هاوڕام | 113 | %37.6 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 48 | %16 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 28 | %9.3 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 10 | %3.3 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(113)و ڕێژەی(37.6%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(101)و ڕێژەی(33.6%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی(48)و ڕێژەی(16%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە(28)و ڕێژەی(9.3%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی(10)و ڕێژەی(3.3%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.02)، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.911)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی (113)و ڕێژەی(37.6%)یە ئاستی مامناوەندەو نزیکە لە بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(101)و ڕێژەی(33.6%)، کە نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنێت، کە ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات، کە پێیان وایە بڵاوکردنەوەی زانیاریی دەربارەی شمەک و خزمەتگوزارییەکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەرجی کەمی پێویستە.

خشتەی(12) خستنەڕووی ئەوەی، کە بازاڕکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاریگەری لەسەر زیادکردنی ڕەفتاری کڕین هەیە

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 98 | %32.6 | دووەم | 0.938 | 3.24 |
| هاوڕام | 111 | %37 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 37 | %12.3 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 31 | %10.3 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 23 | %7.6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(111)و ڕێژەی(37%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(98)و ڕێژەی(32.6%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی(37)و ڕێژەی(12.3%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە(31)و ڕێژەی(10.3%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی(23)و ڕێژەی(7.6%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.24)، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.938)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی (111)و ڕێژەی(37%)یە ئاستی ماناوەندەو نزیکە لە بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(98)و ڕێژەی(32.6%)، کە بەیەکەوە ڕێژەی نزیکەی(70%)ی کۆی بژاردەکان پێکدەهێنێت، ئەمەش بەخاڵێکی ئەرێنی و گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە سوودی گەورەی بۆ کۆمپانیاکان هەیە، ئەمە دەرخەری ئەوەیە بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاریگەری لەسەر زیادکردنی ڕەفتاری کڕین هەیە.

خشتەی (13) دەرخستنی ئەوەی، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خێراترین ئامرازی بازاڕکردنن لە ڕەفتاری کڕین لای گەنجان

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 92 | %30.6 | دووەم | 0.898 | 3.33 |
| هاوڕام | 109 | %36.3 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 49 | %16.3 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 27 | %9 | چوارەم | | |
| تەواوهاوڕانیم | 23 | %7.6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا بەپێی ئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(109)و ڕێژەی(36.3%)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(92)و ڕێژەی(30.6%) لە پلەی دووەمدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی(49)و ڕێژەی(16.3%)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوە(27)و ڕێژەی(9%)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی(23)و ڕێژەی(7.6%)یە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.33)، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.898)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی (109)و ڕێژەی(36.3%)یە ئاستی ماناوەندەو نزیکە لە بژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(92)و ڕێژەی(30.6%)، کە نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنێت، واتە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خێراترین ئامرازی بازاڕکردنن و ڕۆڵی گەورەو کاریگەریان لەسەر ڕفتاری کڕین لای گەنجان هەیە.

خشتەی (14) ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە فەیسبووک و ئینستگرام و تیکتۆك زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیتر ڕۆڵیان هەیە لەڕەفتاری کڕیندا

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 109 | %36.3 | دووەم | 0.906 | 2.91 |
| هاوڕام | 151 | %50.3 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 15 | %5 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 13 | %4.3 | چوارەم | | |
| تەواوهاوڕانیم | 12 | %4 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لـەم خشـتـەیەدا بەپێـی ئەنجامەکـان ئەوە ڕوون دەبێـتەوە، کە بـژاردەی هـاوڕام بە دووبـارەبوونەوەی(151)و ڕێـژەی(%50.3)ی وەرگرتووە لە پلەی یەکەم هاتووە، بـژاردەی تـەواو هـاوڕام بە دووبـارەبونەوەی(109)و ڕێـژەی(%36.3) لە پلـەی دووەمـدادێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی(15)و ڕێژەی(%5)یە، بژاردەی هاوڕانیم بە دووبـارەبوونەوە(13)و ڕێژەی(%4.3)لە پلەی چوارەمدادێت، لە پلـەی پێنجەمیشـدا بـژاردەی تەواو هـاوڕانیم بە دووبـارەبوونەوەی(12)و ڕێـژەی(%4)یە، ناوەنـدی ژمێرەیـی بـریتییە لە(2.91)، و لادانی پێـوانەیی بـریتییە لە(0.906)، ئەگـەر سـەرنج بـدەینە ئـەم برگـەی سـەرەوە بۆمـان ڕووندەبێتەوە، کە بژاردەی هـاوڕام بە دووبـارەبوونەوەی (151)و ڕێـژەی(%50.3)یە ئاسـتی مامناوەنـدەو نـزیکە لە بـژاردەی تەواو هاوڕام بە دووبارەبوونەوەی(109)و ڕێژەی(%36.3)، کە نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوە پێکدەهێنێت، ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە بۆچوونیان وایە، کە فەیسبووک و ئینستگرام و تیکتۆك زیاتر لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانی دیـکە ڕۆڵیان لە ڕەفتاری کڕیندا هەیە.

خشتەی (15) ئەمە دەخاتەڕوو، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شمەک و خزمەتگوزارییەکان دەناسێنن و ناسنامەی تایبەتیان بۆ دروستدەکەن

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 83 | %27.6 | دووەم | 0.888 | 3.24 |
| هاوڕام | 152 | %50.6 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 33 | %11 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 14 | %4.6 | پێنجەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 18 | %6 | چوارەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لـەم خشـتـەیەدا بەپێـی ئەنجامەکـان ئەوە ڕوون دەبێـتەوە، کە بـژاردەی هـاوڕام بە دووبـارەبوونەوەی(152)و ڕێـژەی(%50.6)ی وەرگرتـووەو لـە پلـەی یەکەمـدا هـاتووە، هەروەهـا بـژاردەی تـەواوهاوڕام بە دووبـارەبوونەوەی(83) و ڕێـژەی( %27.6) لە پلـەی دووەمدادێت، لە پلەی سێیەمیشدا بژاردەی دڵنیانیم بە دووبارەبونەوەی(33) و ڕێژەی( %11)، دێت، بـژاردەی تەواو هـاوڕانیم بە دووبارەبوونەوەی(18)و ڕێژەی (%6)، لە پلەی چوارەمدادێت، هەروەها لە پلەی پێنجەمیشدا هاوڕانیم بە دووبـارەبوونەوەی(14)، و ڕێژەی(%4.6)، دێت. ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.24)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.888)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئـەم برگەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە،کە بـژاردەی هـاوڕام و تەواو هـاوڕام بەیەکەوە ڕێـژەی نـزیکەی لە(%90)ی کـۆی بژاردەکـان پێکدێنن، ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان ڕۆڵێـکی گەورەیـان هەیە لە ناسـاندنی شـمەک و خزمەتگوزارییەکـان و دروستکردنی ناسنامەی تایبەت بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

1- پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان بازاڕکردن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گونجاون بۆ بەکارهێنان لەبواری بازاڕکردندا.

2- بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کڕین لای گەنجانی شاری هەولێر هەبووە.

3- بەشێوەیەکی گشتی ئاستی بەکارهێنانی بازاڕکردنی ئەلیکترۆنی بەپلەی مامناوەند دێت لای گەنجانی شاری هەولێر.

4- گەنجان بازاڕکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگرنگتر دەزانن لە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن.

5- لەناو پلاتفۆڕمە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا فەیسبووک زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە کرداری بازاڕکردندا، دواتر ئینستگرام و تیکتۆك دێت.

6- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گرنگی ڕەواجدانن و بەکەمترین ماوە و بەخەرجییەکی کەم زانیاری بڵاودەکەنەوە.

7- لەئێستادا پەیڕەوکردنی بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو تێبینی دەکرێت و لە برەودایە.

8- بازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوکارە لە گەشەی کۆمپانیاکان و پیادەکردنی جوڵەی بازرگانی و ئابوری.

9- بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەموو کۆمپانیا مامناوەند و گەورەو بچوکەکان توانای پیادەکردنی بازاڕکردنیان هەیە.

## سەرچاوەکان:


### 1- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

- کاکەشێخ، هەردەوان، مەحمود.(2015)، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.
- فاروق، کەمال – کەلاری، محمد، عبدالله.(2013)، دەروونناسی میدیایی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عەلی، نەهرۆ.(2016)، مارکێتینگ، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- ئیبراهیم، عەبدولخالق.(2014)، میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، دەزگای تۆێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- حەمە غەریب، صادق.(2015)، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.
- مستەفا، ڕۆستەم، صابر.(2017)، کاریگەری فەیسبووک لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

### 2- سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

- غنيم، أحمد، محمد.(2005)، التسويق مدخل التحليل المتكامل، مكتبة العصرية للنشر والتوزيع، جمهورية المصر.
- ياسين، بيان، هشام عيسى.(2018)، الترويج باستخدام الشبكات الاجتماعية و اثره على سلوك المستهلك الشرائي في محافظة الخليل- دراسة قطاع مستحضرات التجميل الكوزمتكس، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة القدس، معهد تنمية المستدامة، فلسطين.
- آخرون، حميد، الطائي.(2017)، الاسس العلمية للتسويق الحديث، دار الياوزي العلمية للنشر و التوزيع، عمان.
- القريوتي، محمد، قاسم.(2009)، مبادى التسويق الحديث، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
- المؤزن، محمد، صالح.(2008)، مبادى التسويق، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان.
- حجازي، محمد، حافظ .(2005)، المقدمة في التسويق، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الاسكندرية.
- الشيخ، محمود.(2008)، التسويق الدولي، دار اسامة للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
- نصير، محمد، طاهر.(2005)، التسويق الالكتروني، دار الحامد، عمان.
- ساعد، مريم.(2018)، التسويق الاستراتيجي في ظل انفتاح السوق الجزائرية، اطروحة الدكتوراه، غير منشورة، جامعة باتنة، كلية العلوم الاقتصاديةو التجاريةو علوم التسيير، شعبة الاستراتيجيةو التسويق-الاتصال، الجزائر.
- موسى، نظام و سويدان، حداد و ابراهيم، شفيق.(2009)، التسويق مفاهيم معاصرة، دار و مكتبة الحامد، عمان-الاردن.
- عبدالمعطي، نها، السيد.(2015)، نحو نمط اتصالي جديد، دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات العربية المتحدة، الجمهورية اللبنانية
- شكري، عبدالواحد، طه.(2020)، التسويق الالكتروني و اثره في تحقيق عدد من ابعاد الميزة التنافسية، مجلة توێژەر، في مدينة زاخو في اقليم كوردستان- العراق

### 3- سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

- Blythe, Jim.(2005), Essentials of Marketing, Gosport, Ashford Color Press, United Kingdom.
- Philip & Keller, Kevin Lane Kotler, Marketing Management.(2012), 14th Edition Prentice Hall Publishing Company, United States of America.

## تأثير التسوق عبر مواقع التواصل الاجتماعي على سلوك الشراء لدى الشباب في مدينة أربيل

**سەركەوت ويسى كريم**
قسم الاعلام،كلية آداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،إقليم كوردستان،العراق
Sarkawt.kareem@su.edu.krd

**بەختيار حميد سعيد**
قسم الاعلام،كلية آداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،إقليم كوردستان،العراق
Bakhtyar.saeed@su.edu.krd

**ملخص**

يتم تنفيذ التسويق كمهمة ونشاط للمؤسسات بطرق مختلفة، والآن تقوم الشركات أيضًا بأنشطة تسويقية عبر الشبكات الاجتماعية. في هذا العصر من التطور التكنولوجي السريع، أثر استخدام شبكات التواصل الاجتماعي في حياة الأفراد والمجتمع على سلوك الشراء لدى الشباب في أربيل، والتي يمكن أن تكون هذه التأثيرات جيدة وسلبية على حد سواء، وقد جعلت للفرق مكانة شعبية في بث المحتوى الإعلامي بشكل عام وشبكات التواصل الاجتماعي بشكل خاص. الهدف من هذه الدراسة هو فهم العلاقة بين التسويق وشبكات التواصل الاجتماعي. بيان خصائص التسويق عبر شبكات التواصل الاجتماعي ومعرفة مستوى استخدام التسويق في شبكات التواصل الاجتماعي. مجتمع البحث هو الشباب في أربيل، والعينة هي الشباب في أربيل بأعمار مختلفة، وتم توزيع (300) استمارة مسح عشوائي طبقي، كما تم في هذه الدراسة استخدام الأدوات الإحصائية المعروفة بـ .SPSSالبحث وصفي في جوانبه العملية وللحصول على بيانات ومعلومات تفصيلية والوصول لعدد من النتائج استخدم الباحثون أسلوب (المسح) لمعرفة أثر التسوق على شبكات التواصل الاجتماعي على السلوك الشرائي لدى الشباب في مدينة أربيل. وقد توصل البحث إلى عدة استنتاجات علمية منها: أن عينة البحث تتفق على أن التسوق عبر شبكات التواصل الاجتماعي يشكل عاملاً على السلوك الشرائي لدى الشباب في أربيل، وأن هناك علاقة إيجابية بين التسوق وشبكات التواصل الاجتماعي. تعد شبكات التواصل الاجتماعي أداة ترويجية مهمة وتقوم بنشر المعلومات في أقصر وقت وبتكلفة منخفضة. وفي هذا الصدد فن نتائج هذه الدراسة مهمة لفهم دور شبكات التواصل الاجتماعي في التسوق لدى الشباب في أربيل.

**الكلمات المفتاحية:** التأثير، الشبكات الاجتماعية، التسويق، السلوك الشرائي، الشباب

## The Impact of Shopping on Social Networks on Buying Behavior Among Young People in the City Erbil

**Bakhtyar Hamid Saeed**
Department of Media,College of Arts,Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region ,Iraq
Bakhtyar.saeed@su.edu.krd

**Sarkawt Waisy Karim**
Department of Media,College of Arts,Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region ,Iraq
Sarkawt.kareem@su.edu.krd

**Abstract**

Shopping as a task and activity of institutions is implemented in various ways, and now companies are also conducting marketing activities through social networks. In this era of rapid technological development, the use of social networks has affected the lives of young individuals almost everywhere, which these effects can be both positive and negative. The development of new media platforms has made a huge impact on broadcasting content in general and social networks in particular. The aim of this study is to understand the relationship between marketing and social networks. And to Demonstrate the characteristics of marketing through social networks and figuring out the usage level of marketing in social networks. The research community is Youngs in Erbil city, the sample is Youngs in Erbil of different ages, distribution of (300) forms utilizing stratified random sampling, as for the Statistical tool to calculate the data we used the SPSS, program. The research is descriptive, in its practical aspects to obtain detailed data and information and reach a number of results, the researchers used the method (survey) in order to know the impact of shopping on social networks on purchasing behavior among young people in Erbil. The research has reached several scientific conclusions, including: The research sample agrees that shopping on social networks effects directly on purchasing behavior of young people in Erbil, and there is a positive relationship between shopping and social networks. Social networks are important promotional tool and disseminate information in the shortest time at low cost. In this regard, the results of this study are important to understand the role of social network's shopping among young people in Erbil.

**Keywords:** Influence, Social Networks, Marketing, Youths, Purchasing Behavior.